گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەی ڕۆڵی ئێران لە قەیرانی سوریا لەسەر بنەماکانی نیورپیالیزم

**پ.د. صالح عمر عیسى**
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلیژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
salih.issa@su.edu.krd

**احمد عبدالكريم احمد**
بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلیژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ahmedarim7@gmail.com

**زانیاریەکانی‌توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢١/٩/٢١
پەسەندکردن:٢٠٢١/١١/١
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Syria crisis, Iran's Role, the national interest, foreign policy& new realism*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.26

**پوختە**

کێشەی سوریا کێشەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆزە و هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی و ناوچەیی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە بەردەوامی و درێژە کێشانی قەیرانەکە، هەر وڵاتێکی بەشداربووی ناو قەیرانەکەش بە دوای بە دەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندی خۆیەتی. ڕازیکردن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانیش بە بێ هیچ سازش کردنێک لەبەرامبەر یەکتر شتێکی ئاسان نیە، بۆیە هەموو هەوڵ و دەستپێشخەرییەکان شکستیان هێناوە. ئێرانیش وەک هەر دەوڵەتیکی خاوەن بەرژەوەندی هەوڵیداوە باڵانسی دەسەلاتی خۆی لە ناوچەکە بپارێزێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ڕۆلی ئێران لە قەیرانی سوریا کەڵک لە بنەماکانی نیورپیالیزم وەرگیراوە، واتا بەکارهێنانی نیۆرپیالیزمی هێرشبەرانە بۆ بەهێزتر کردنی پێگەی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست و نیۆرپیالیزمی بەرگریکارانە بۆ لادانی مەترسییەکانی سەر ئێران. هێزی نەرم، هێزی ڕەق، ئامرازەکانی ئابوری و سەربازی بەکار هێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێـــران بە بەردەوامــی هەوڵــی پاراســتنی پەیوەنــدییەکانی لەگەل حیزبوڵای لوبنان دەدات و نزیکی لە سنوورەکانی ئیسرائیل قۆستۆتەوە و بەکاری هێنـاوە بـۆ ڕاگرتنـی باڵانسـی دەسـەڵات و هاوسـەنگی هێـز لە نـاوچەکە و کەمکـردنەوەی فشـارەکانی سـەرخۆی. ئێـران میحـوەری بەرگری دروستکرد و خستیە خزمەت ئامانج و بەرژەوەندییەکانی .
لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەعێـراق و سـەرهەڵدانی قەیرانـی سـوریای دەرفەتـی باشـی بـۆ هـاتەپێش کە بتوانێـت پـێگەی خـۆی لە ڕۆژهە/ڵاتی ناوەراســت بەهێزتـر بکـات و بتوانێـت تـا ئاسـتێکی زۆر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.
قەیرانی سوریا، ڕۆڵی ئێران، بەرژەوەندی نەتەوەیی ، سیاسەتی دەرەوە و نیورپالیزم

## پێشەکی:

قەیرانی سوریا  بە یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت کە تا ئێستاش چارەسەر نەکراوە، سەرەتا لە خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە دەستی پیکرد، کە ئەویش بەدوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبییەوە داهات. دواتر ئەم خۆپیشاندانە ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت و ژینگەی دەرەکی کاریگەری زۆری لەسەر کێشەکە هەبوو، واتا وڵاتانی دەرەکی تەدەخولیان کرد ، بەمەش کێشەکە زیاتر ئاڵۆز بوو. یەک لەو وڵاتانەش کە ڕۆڵێکی کاریگەری تێدا بینی، ئێران بوو. ئێران بە یەکێک لە وڵاتە بەهێز و کاریگەرەکانی ناوچەکە دادەنرێت و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ناوچەکە هەبووە و تا ئێستاش ئەو کاریگەریەی هەیە.

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و نارەزایەتیەکانی گەلانی سوریاش، ڕۆڵی ئێران لە ڕووی سەربازی، دیپلۆماسی  و ئابوریی بۆ پشتگیری هاریکاری ڕژێمی سوریا زیاتر بەدیارکەوت، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی قەیرانی سوریا زیاتر قوڵبیتەوە و ڕژێمی سوریا لە کەوتن دەرباز بکات.ئێران ستراتیژییەتی خۆی لە سوریا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی دارشتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە قەیرانی سوریا بە پێی بنەماکانی نیورپیالیزم بە شێوەیەکی زانستی باس لە ڕۆڵی ئێران لە قەیرانی سوریا دەکات و تیشک دەخاتەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی پلانەکانی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی بواری ئەکادیمی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سوریا و هۆکاری ئەو ڕۆڵ بینینە.

ئامانجی توێژینەوەکەش ئەوەیە کە بەهۆی قەیرانی سوریا و سەرهەلدانی داعش، خەڵکێکی زۆر وەک پەنابەر هانایان هێنابەر هەریمی کوردستان، ئەم پەنابەرانەش بە شێوەی جۆراجۆر کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووە، بۆیە گرنگە بەشێوەیەکی زانستی دیراسە لەسەر بابەتی قەیرانی سوریا بکەین ، تاکو کەمترین کاریگەری سەلبی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت.

پرسیاری توێژینەوەکەشمان ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکی تەدەخول کردنی ئێران لە قەیرانی سوریا چیە؟ گریمانە ئەوەیە کە ئێران لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندییە نەتەوەیی، جیۆپۆلۆلیتیکی، ئابوری خۆی تەدەخولی لە قەیرانی سوریا کردووە. لەو توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی _ شیکاری بەکار هاتووە، تاوەکو توێژینەوەکە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی زانستیدا بێت و بۆ ئەمەش کەلک لە بنەماکانی نیورپیالیزم وەرگیراوە.

## ١- پاراستنی بالانسی دەسەلاتی ناوچەیی:

جەنگی دژە تیرۆری ئەمریکا لە ناوچەکە لە لایەک و ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێنیش لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی لە لایەکی ترەوە بووە هۆی ئەوەی ئێران لە عێراق، لبنان، سوریا، بەحرێن، غەزە و ئاسیای ناوەڕاست دەستکراوە بێت و ببێتە وڵاتێکی زلهێزی هەرێمی هەژمووندار.

میرشایمەر و هاوڕێکانی لە ڕیالیزمی هێرشبەرانە کە بەشێکە لە نیورپیالیزم جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زۆر ئاساییە و لۆجیکیشە وڵاتان بە شێوەیەکی ستراتیژی تا بۆیان دەکرێ هەوڵی بەدەستهێنانی هێز و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بدەن، چونکە هەبوونی هێزی زۆر، زیاتر گرێنتی مانەوەی دەوڵەت دەکات (دان و اخرون، ٢٠١٦، ص٢١٣-٢١٥).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرقاڵ بوونی ئەمریکا لە عێراق دەرفەتێک بوو تا ئێران وەک زلهێزێکی هەرێمی دەرکەوێت (الحاج، ٢٠١٨، ص١٢١) و ڕۆڵی هەرێمی ئێران لە ناوچەکە ڕوو لە زیادی بکات و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە هێزە هەرێمیەکان دروستیان کردبوو و بەوهۆیەوە ئێران بووە یاریکەری سەرەکی لە عێراق (أبو رحمة و قوراري ، ٢٠٢٠، ص٣٥). لە نیوڕیالیزمیشدا ئاسایشی دەوڵەتان و هێز، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی یاسایی بە یەکیان دەبەستێتەوە، واتا هەرچەندی هێزی دەوڵەت زیاتربێت ئەوەندەش ئاسایشەکەی جێگیرتر دەبێت (مصطفى، ٢٠١٠، ص١٤٧).

وڵاتانی کەنداویش بە تایبەتی سعودیە وئیمارات، ئێرانیان بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی خۆیان و ناوچەکە دەزانن، بۆیە بۆ سنووردانان لە جێبەجێکردنی خواستی ئێران هاوپەیمانێتیەکیان بەست، ئەم هاوپەیمانێتیەش وای لە ئێران کرد بۆ جێبەجیکردنی پرۆژەکەی هەنگاونانی زەحمەت بێت و نرخێکی زۆر بدات لە پێناو هاوسەنگ ڕاگرتنی ناوچەکە (أبو رحمة و قوراري ، ٢٠٢٠، ص٣٥)، بەڵام بە هەر نرخێک بووبێت ئێران بەردەوام بوو لە سەر هەنگاونان بۆ جیبەجێ کردنی پرۆژەکەی خۆی بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵبوو.

لەسەر ئاستی جیۆسیاسیش، هاوسەنگی هێزی هەرێمی لە حالەتی مانەوەی ڕژێمی ئەسەد لە مەودای کورت و مامناوەند لە بەرژەوەندی ئێرانە، لە ڕێگای سەپاندنی سیاسەتی دیفاکتۆ میحوەری سوری- ئێرانی دەستنیشانی سروشتی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕژێمەکانی تر دەکات و هەر ئەو میحوەرە بڕیار دەدات کە ئێران لە حالەتی بەرگریکاری یان هێرش کردنی هەرێمی دابێت، بەتایبەت بەرامبەر تورکیا و سعودیە (باكير، ٢٠١٢، ص٢٢). چونکە هەردوو هێز کێبڕکێ لەگەڵ ئێران دەکەن بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان لە ناوچەکە و کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە، سوریاش ئەو گۆڕەپانەیە کە هەردوو وڵات لە دژی ئێران هەوڵی خۆیانی تێدا دەدەن. بەهۆی شەڕی داعشیشەوە ئێران لە عێراق و سوریا دەستکراوەتر بوو، لە بەرامبەریشدا سعودیە و تورکیا هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە ئەوانیش لەو دوو وڵاتەدا نفوزیان هەبێت، ئەمەش واتا هەبوونی ململانێ. یەک لە گریمانەکانی نیوڕیالیزمیش دەڵێ: شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتیە لەململانێی نێوان وڵاتان لە پێناو مانەوەیان، پشت بەخۆبەستانیش باشترین ڕێگای مانەوەی دەوڵەت و دابینکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسایشەکەیەتی. ئەم هەوڵانەی سعودیە و تورکیا، ئێرانی ناچارکرد کە لە پێگەی بەرگریدابێت تاوەکو بتوانێ ڕەگەزەکانی نفوزی بپارێزێ کە لەماوەی پشێوی و تێکچوونی بارودۆخی عێراق و لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تا هاتنی بەهاری عەرەبی لە ٢٠١١ بە دەستی هێنابوو. هەر ئەم گۆڕان لە ستراتیژیەتە بوو کە پاڵی بە ئێران وەنا تا لەگەڵ ئەمریکا دانوستان بکات لە پێناو پاراستنی پێگەکەی و وەدەستهێنانی دانپێدانان وەک هێزێکی هەرێمی لە ناوچەکەدا، شەڕی داعشیش وایکرد ئێران و ئەمریکا بە ناچاری پەیوەندی و تەنسیق دروست بکەن(فریدمان، ٢٠١٥). چونکە ناکۆکی ئێران لەگەڵ ئەمریکا جیاوازە لەگەڵ ناکۆکییەکانی لەگەڵ سعودیە و تورکیا کە ناکۆکی هەرێمین.

بەپێی بنەماکانی ڕیالیزمی نویٚ(نیوریالیزم) ترسی تێکچوون و نەمانی ئاسایش بۆ وڵاتان پێویستە، چونکە ترس و هەڕەشەکان وا دەکەن وڵاتان یەکبگرن و هەوڵی دروست کردنی هاوسەنگی لە هێز و هاوسەنگی لە هەڕەشە بدەن، ئێرانیش ئەو ترسەی هەیە بۆیە زۆر بەتوندی بەرگری لە ڕژێمی سوریای هاوپەیمانی کرد، چونکە ڕوخانی ڕژێمی سوریا مەترسی دەخاتەسەر ئاسایشی ئێران.

ستیفن واڵت (Stephen walt) چەمکی هاوسەنگی لە هەڕەشە بەکار دەهێنێت و پێی وایە ڕەگەزێکی گرنگی تەفسیرکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و لە سیستمی نێودەوڵەتیشدا هەڕەشە ترس و دڵەڕاوکێی ئاسایش لەسەر وڵاتان دروست دەکات نەک هێز، کاتێک وڵاتان هەوڵی زیادکردنی توانای سەربازی خۆیان دەدەن بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە ڕێگای هێزەوە نیە بەڵکو بەهۆی هەڕەشەوەیە. واڵت ئەوەش زیاد دەکات کە ئەو هاوپەیمانێتیەی ئێران و سوریا تەنها لە ئایدۆلۆژیا خۆی نابینێتەوە بەڵکو لەو گرنگتر هەردوو گۆڕاوی (هێز و هەڕەشەیە) (الصمادي، ٢٠٢٠، ص٣).

چەمکی هاوسەنگی لە هەڕەشە بۆ تەفسیرکردنی حالەتی هاوپەیمانێتی ستراتیژی نێوان ئێران و سوریا گونجاوە، بەو مانایەی مەترسی و هەڕەشە بۆسەر ئاسایش و ڕوخانی ڕژێمەکانیان وایکردووە ببنە هاوپەیمان، ئێران بەرگری لە ڕژێمی سوریا بکات و لە ڕوخان بیپارێزێ.

ڕاندڵ شویلەر(Randall schwller) لە تیۆری هاوسەنگی بەرژەوەندییەکان (توازن المصالح) دەڵێت: وڵاتان لەژێر کاریگەری ترسی ئاسایش و چاوتێبڕین (الطمع) و تێکەڵەیەکی نێوان

هەردووکیان ترس و چاوتێبڕین بە دوای ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیانن، هەم ئێران و هەم وڵاتانی تریش سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لەسەر بنەمای تێکەڵەیەک لە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان دادەڕێژن و جێبەجێیان دەکەن، بۆیە ئێران سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر پاراستنی ڕژێمی سوریا دامەزراندووە و بە ئامانجی وەدیهێنانی ئەوپەڕی ئاسایش و تواناکانی خۆی. دەبێت ئەوەش بزانین کە ئێران تەنها لە پێناو هاوسەنگی هێز لە بەرامبەر نەیارەکانی هاوسەنگی دروست ناکات، بەڵکو لە پێناو دەستکەوتنی قازانج و بەرژەوەندی و فراوان بوونی دەسەڵاتیشە (الصمادي، ٢٠٢٠، ص٣).

سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیش ڕیالیزمی بەرگریکاری یان هێرشبەرانە بێت، سیاسەتێکە لەسەر ئاستی جیهان بەرەو سەپاندنی بەرژەوەندی نیشتمانی هەنگاو دەنێت و هەوڵی هێنانەکایەی هاوسەنگی لەگەڵ کێبڕکێکارەکانی دەدات (بن هويدن، ٢٠٠٩) ئەمەش واتا نیوریالیزم، واڵتز سەبارەت بەمە دەڵێ: بەرژەوەندی نەتەوەیی بەلایەنی کەمەوە هەوڵی مانەوەی دەوڵەت و زاڵبوونێتی بەسەر ئەوانیتردا بەو مەبەستەی ئاسایشی خۆی بگەیەنێتە بەرزترین ئاست (قادر،٢٠٢٠، ل ل٢٨-٢٩).

ئێران لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی گرنگی بە ئامراز دەدات یەکێك لەو ئامرازانەش بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعەیە(تشيع) لە سوریا و وڵاتانی دەوروبەری، ئەمەش هەر لەسەر بنەماکانی نیوڕیالیزمە، واتا ئێران بۆ خۆ سەپاندن لە هاوکێشەی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەهەندی ئایینی خستۆتە خزمەت ستراتیژیەتە هەرێمیەکەی(الحاج، ٢٠١٨، ص١٢٦) و مەرجەعیەتی ئاینی شیعەی بەکارهێنا بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر شیعەکان بە گشتی، کە بووە ئامرازێکی تری ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز(أبو رحمة و قوراري، ٢٠٢٠، ص٤٠)، کە ئەمەش دەچێتە بواری هێزی نەرم و ڕێگایەکە بۆ دەستخستنی هاوسۆزی و وەفاداری پابەندی بەڵێن(ولاء) و هێزی ڕەق پەیداکردنی چەکدار و میلیشیاکانی (الحاج، ٢٠١٨، ص١٣٢).

سوریا بۆ ئێران گرنگە چونکە ئێران قەیرانی سوریا وەک کارتێکی فشار بە تایبەت لە دانوستانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ڕۆژئاوا و سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندی خۆی بەکار دەهێنێت، بەپێی بنەماکانی نیوڕیالیزم باشترین ئامرازی ڕێگریکردن لە ڕوودانی شەڕ و

پاراستنی ئاسایش هێزی سەربازی و چەکی ئەتۆمییە، هەر لەبەر ئەمەیە هەمیشە ویستی وڵاتانی لەسەرە. هەرکاتێکیش ئێران فشاری زیاتر بکەوێتەسەر، ئەوا دۆسێیە ئەتۆمییەکەی وەک ئامرازێکی بەرپەرچدانەوە و ڕێگری کردن لە بەرامبەر ئەمریکا بەکار دێنێت، هەڕەشەی بەکارهێنانی نفوزی لە ناوچەکە دەکات. ئێران لە چەند بۆنەیەکدا هۆشیاری ئەوەی داوە کە ئەگەر دۆسێیە ئەتۆمییەکەی ببرێتە ئەنجومەنی ئاسایش ئەوا نفوزی خۆی لە فەڵەستین، سوریا، لوبنان، عێراق و ئەفغانستان بەکاردەهێنێت (محمد، ٢٠١١، ص ص٦٤-٦٥).

لەدەستدانی سوریا لە لایەن ئێرانەوە واتا لە جوڵەکەوتنی حیزبوڵای لوبنان کە ئێران ئەویش بەهەمان شێوەی سوریا وەک کارتی فشار و ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لە دژی ئیسرائیل بەکار دەهێنێت، بەمەش نفوزی ئێران دەکەوێتە مەترسی و گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە دژی ئێران و زیاتر بەرەو گۆشەگیربوون ڕۆیشتن (العامري، ٢٠١٣، ص٢٢٤)، بۆیە هەرگیز دەستبەرداری ڕژێمی سوریا و حیزبوڵای لوبنانی نابێت و بە بەشێک لە ستراتیژیەتی خۆی هەژماریان دەکات. ئەم سیاسەتەی ئێرانیش سیاسەتێکی نیوڕیالیزمییە، چونکە لە نیوڕیالیزم جگە لە دەوڵەت کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەکتەری تری وەکو ڕێکخراوە حکومییەکان، ناحکومییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کۆمپانیای فرە ڕەگەزەکان و... هتد، ڕۆڵیان هەیە، کە وڵاتە زلهێزەکان وەک داردەست و ئامراز دروستیان کردوون و بەکاریان دەهێنن بۆ مانەوەی خۆیان و پاراستنی هەژموونیان(فرج، ٢٠٠٧، ص٣٦٥).

ئەوەی لە سوریاش دەگوزەرێت دەتوانین بڵێین بریتیە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزەکانی هەرێمی کە دەیانەوێت نەخشەیەکی نوێ بۆ هاوسەنگی هێزی هەرێمی لە ناوچەکە بسەپێنن(العامري، ٢٠١٣، ص٢٣١). لەبەر ئەم هۆکارانەی کە باسکران لەدەستدانی سوریا بۆ ئێران مەترسی لە دەستدانی ئەو باڵادەستیەی کە لە ناوچەکە هەیەتی دروست دەکات، دواتریش گۆڕانی هاوکێشەی هێزی ناوچەکە لە دژی ئێران (الأسطل، 2014، ص ص١١٦-١١٧). کەواتە ئێران توانیویەتی باڵانسی دەسەڵاتی خۆی ڕابگرێت و لەو سیاسەتەی تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە، ئەم هاوسەنگ ڕاگرتنەی باڵانسیش لە ڕێگای بەکارهێنانی هەردوو شێوازی نیۆڕیالیزمی هێرشبەرانە و

نیۆڕیالیزمی بەرگریکارانە بووە، چ بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی یان هەبوونی ترس و هەوڵدان بۆلادانی مەترسییەکانی سەری.

## ٢- نیۆڕیالیزمی هێرشبەرانە بۆ بەهێزتر کردنی پێگەی ئێران لە رۆژهەلاتی ناوەراست

میرشایمەر سەبارەت بە ڕیالیزمی هێرشبەرانە کە لقێک یان یەکێکە لە بنەماکانی نیوڕیالیزم دەڵێت: وڵاتان بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان لەسەر ئەوانی تر، حەزدەکەن توانای سەربازی خۆیان زیاد بکەن، پێشیوایە شتێکی لۆجیکییە وڵاتان چەندی بۆیان دەکرێت هەوڵی بەدەستهێنانی هێز و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بدەن، چونکە وڵاتان چەندی هێزیان زۆرتر بێت، ئەوەندە زیاتر گرێنتی مانەوەی هەیە. دەکرێ ڕیالیزمی هێرشبەرانەی ئێران بە ڕوونی لە دوو ئاڕاستە ببینین:

یەکەم/ هەوڵەکانی ئێران بە گەشەپێدان و پێشخستنی توانا سەربازییەکانی، لەپێناو سەپاندنی هەژموون و کۆنترۆڵکردنی ئەوانیتر، دەچێتە چوارچێوەی ڕیالیزمی هێرشبەرانە(بن هویدن، ٢٠٠٩)، هەروەها ئێران هەوڵدەدات ببێتە هێزێکی ئەتۆمی، کە ئەمەش ڕیالیزمی هێرشبەرانەیە، هەروەک گورز وەشاندنی پێشوەختەی ئیسڕائیل (ضربات الاستباقیة) لە هێزەکانی ئێران لە سوریا و عێراقدا ڕیالیزمی هێرشبەرانەیە (شراب، ٢٠٢١).

ئێران لەڕێگای بەکارهێنانی کارتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی وسیاسەتە فراوان خوازیەکەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەکارهێنانی سوریا لە پێناو ئەجێندای هەرێمی خۆی، توانیویەتی دەسکەوتی باش و کاریگەر لە دانوستانەکانی لەگەڵ رۆژئاوا بەدەست بهێنێت و نفوزی خۆی لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنێت (الأسطل، 2014، ص ص١١٦-١١٧).

دووەم/ ئێران بەجێبەجێکردن و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای خۆی لەسەر بنەمای هەناردەکردنی شۆڕش و بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە، نفوزی خۆی فراوانکرد و هەژموونی خۆی لە ناوچەکە سەپاند، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی تیۆری ڕیالیزمی هێرشبەرانە و پرۆژە سیاسیە نوێیەکەی ئێران لە ناوچەکە بە گشتی و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی (إسماعیل، ٢٠٢٠). چونکە گرنگیدان بە ئامرازی

بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە(تشیع) لە سوریا و وڵاتانی دەورووبەری، سیاسەتێکی نیورپیالیزمیانەیە و ئێران بۆ خۆسەپاندن لە ناوچەکە ڕەهەندی ئایینی خستۆتە خزمەت ستراتیژیەتە هەرێمیەکەی (الحاج، ٢٠١٨، ص١٢٦).

ئامانجی کۆتایی و ستراتیژی تەدەخولکردنی ئێران لە سوریا لە پێناو ئەوەیە ئێران ببێتە هێزێکی هەرێمی دەسەڵاتداری ناوچەکە و گرێنتی کردنی نفوزی ئێرانی کە تا دەریای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە، جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەش لە سوریا پێش شۆڕش و بەهاری عەرەبی بریتیبوو لە پاراستن و گرێنتی کردنی ڕێگای وشکانی لە تارانەوە تا بەیروت کە بە عێراق و سوریادا تێپەڕ دەبێت، ئەمەش لە ڕێگای جەخت کردنەوەیە لە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە(تشیع) لە سەر ئەو ڕێگایە تا وەکو گۆڕانکارییەکی مەزهەبی خێرا ڕووبدات و بەپشت بەستن بە کەمینەی شیعە کە پابەندن بە ویلایەتی فەقیهی ئێران و عەلەوییەکان. لە ساڵانی (٢٠٠٣ تا ٢٠١١)یش ئێران پارە و بەرژەوەندیەکی زۆری بۆ خەڵکی ناوچەکە و دروستکردنی مەرقەد و حوسەینیەکان و گەشتوگوزاری ئایینی  و بۆ بڵاو کردنەوەی مەزهەبی شیعە (تشیع) لەو ناوچانە بەکارهێنا (الحاج، ٢٠١٨، ص ص٧٨-٧٩).

## ٣- نیۆرپیالیزمی بەرگریکارانە و لادانی مەترسییەکانی سەر ئێران:

نیۆرپیالیزمی بەگریکارانە لقێک یان یەکێکە لە بنەماکانی تیۆری نیورپیالیزم  و تاڕادەیەک جیاوازی هەیە لە نیورپیالیزمی هێرشبەرانە، جا ئێران بە پێی ئەو دەرفەتانەی بۆی دێتە پێش لە قەیرانی سوریا خۆی بڕیار لەسەر سیاسەتەکانی دەدات کە ئایا کامە سیاسەت بگرێتەبەر، هێرشبەرانە یان بەرگریکارانە؟  واشبووە ڕوویداوە لە ماوەی جیاواز هەردوو سیاسەتی گرتبێتەبەر. والتز سەبارەت بە ڕیالیزمی بەرگریکاری دەڵێت: وڵاتان لە سیستەمی فەوزای نێودەوڵەتیدا کار دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی توانای سەربازیان و بەدەستهێنانی ئەوپەڕی هێز بۆ پاراستنی خۆیان. بە پێی ئەو بۆچوونەی واڵتز بێ ئەوەی ئێران دەیکات لە بەرزکردنەوەی توانا سەربازییەکانی دەچێتە بواری بەرگریکردن لەخۆی لە مەترسییەکانی سەر ڕژێم و کەیانە سیاسییەکەی(بن هویدن، ٢٠٠٩).

بەشێک لە ڕیالیستیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئێران لەناو ژینگەیەکی ناسەقامگیری هەرێمی و نێودەوڵەتی دایە و بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناسەقامگیریە و کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەری لەلایەن ئەمریکا و ئیسڕائیل و وڵاتانی عەرەبی و مانەوەی خۆی هەوڵی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدات، ئەمەش بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگییە لەبەرامبەر ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و پاراستنی ئاسایشی خۆی(قادر، ٢٠١٤، ل٨٧). واتا ئێران ڕۆژئاوا بە گەورەترین مەترسی لەسەر خۆی و بەرنامە ئەتۆمییەکەی دەزانێت بۆ بەرەنگار بوونەوە و کەمکردنەوەی ئەو مەترسییەش ململانێی ئیسڕائیل دەکات(قادر، ٢٠١٤، ل٧٠).

هاوپەیمانێتی ئاسایش و سەربازی نێوان ئێران و سوریاش لە پێناو پاراستنی ئاسایشی هەردوو وڵاتە، سەرۆکی ڕابردووی ئێران مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی ٢٠٠٧ گوتی: ئاسایشی سوریا ئاسایشی ئێرانە و هەر لەم چوارچێوەیەشدا یاداشتی هاریکاری بەرگری (مذكرة التعاون الدفاعي) لە نێوان هەردوولا واژۆ کراوە (ابو شريعة، ٢٠١٧، ص٥٤). چونکە بە ڕوخانی ڕژێمی سوریا ئێران پرۆژە هەرێمییەکەی شکست دێنێت کە ٤٠ ساڵ زیاترە وەبەرهێنانی سیاسی و دارایی و ئایدیۆلۆژی و لە ناوچەی عەرەبی بۆ دەکات بەمەش نفوزی ئێران لە ناوچەکە کەم دەکاتەوە(باكير، ٢٠١٢، ص٧)، ئەلقەی بەیەکگەیشتنیان لەگەڵ حیزبوڵا دەپچڕێت، بەمەش ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی نامێنێت (باكير، ٢٠١٢، ص٢٠).

وەک دیارە ئێران پشت بە ستراتیژیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی بێ هاوتا (غير المتوازية)[1] بۆ بەرگری کردن لەخۆی لە دەرەوەی سنووری خۆی دەبەستێت، یاخود ئەو وڵاتە هەرێمییانەی کە دەیگەیەنێتە دەریای سپی ناوەڕاست بە تایبەتی سوریا (ابو شريعة، ٢٠١٧، ص٥٥). ئێران شەڕی دژ بە ڕژێمی سوریا بە بەشێک لە ململانێی نێودەوڵەتی دژی خۆی بە تایبەتی دۆسێیە ئەتۆمییەکەی خۆی دەبینێت، جا لە ترسی لەدەستدانی هاوپەیمانە هەرێمییەکەی کە سوریایە و لە دەستدانی هەژموونی

(1) ستراتیژیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی بێ هاوتا (غير المتوازية): جەنەڕاڵ شیڵتۆنی سەرۆکی ئەرکانی جەنگی هێزەکانی ئەمریکا وا پێناسەی کردووە، بریتیە لە هەموو ئەو هەوڵانەی کە دوژمن لە دژی ئەمریکا یان هێزەکانی یان بەرژەوەندییەکانی بە ڕێگای جۆراوجۆر دەیگرێتەبەر تاوەکو بتوانێ گەمارۆی بدات، لە کاتێکدا لە ڕووی هێزەوە ناگاتە ئاستی هێزی ئەمریکی، بەمەش دەستپێشخەری و ئازادیەکی تەواوی لە بەکارهێنانی تاکتیک لەبەر دەست دەبێ (الحجار، تشرين الاول ٢٠١٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە لوبنان و فەڵەستین هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی زیاتر دەدات، چونکە ئێران باش دەزانێت کەوتنی ڕژێمی سوریا دەبێتە کۆتایی (محور الممانعة و المقاومة) و لەناوچوونی لایەنە بەشدار بووەکانی ناو ئەو میحوەرە و سەرەتایەک بۆ تەدەخولکردنی دەرەکی لە کاروباری ئێران و ڕوخاندنی (عبدالقادر، ٢٠١٤، ص ص١٢٩-١٣٠). کەواتە بەلای ئێرانەوە پاراستنی ڕژێمی سوریا و نەپچڕانی حەلقەی پەیوەندی لەگەڵ حیزبولاّ هێڵی سورن و بە هیچ جۆرێک سازشی لێ ناکات.

## ٤- پاراستنی حەلقەی پەیوەندی لەگەل حیزبولاّی لوبنان و نزیک بوونەوەی لە سنوورەکانی ئیسرائیل

ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشور(درعا و القنیطرة و السویداء)ی سوریا کە هاوسنوورن لەگەڵ ئیسرائیل، بەلای ئێران ناوچەی ستراتیژین بە هەمان شێوەش بەلای ئەمریکا و ئیسرائیلیش زۆر گرنگن و لەبەرامبەر دوژمن هێڵی سوورن، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن میلیشیاکانی ئێران لەو ناوچانە نەهێڵن یان دووریان بخەنەوە (دیاب، ٢٠١٨، ص٤).

ئێران بە مەبەستی دروستکردنی فشار بۆسەر ئیسرائیل و بەکارهێنانی وەک کارتێک بۆ دانوستانەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا، میلیشیای لیوای ٣١٣ کە میلیشیای لۆکاڵی سورین و ئێران سەرپەرشتیان دەکات لە شاری دەرعا بە دووری ١٢ کم لە سنووری ئیسرائیل جێگیر کرد(السعدي، ٢٠١٧)، و لیوای (تحریر الجولان)یش کە میلیشیای عێراقین و لە مانگی٣/ ٢٠١٧ پێکهێنابوو، لە جۆلان جێگیر کرد. پێشتریش ئێران بە بەرزکردنەوەی دروشمی (ئازادکردنی جۆلان) پێینا قۆناغێکی نوێ و سوپای پاسدارانی لە نزیک بەرزاییەکانی جۆلان جێگیر کرد. لە مانگی١/ ٢٠١٥ جەنەڕاڵ و سەرکردەی پاسداران محمد علی دادی لەگەڵ شەش لە هاوکارانی لە حیزبولاّی لوبنانی لە نزیک جۆلانی سوریا لە کاتی بەسەرکردنەوەی ناوچەی (القنیطرة) کەوتنەبەر هێرشی فڕۆکەکانی ئیسرائیل و کوژران(حمید، ٢٠١٧).

میلیشیاکانی تاران گەیشتوونەتە نزیک ئیسرائیل و حیزبولاّ چۆتە ناو قوڵایی شریتی سنووری سوریا لە شاری(القصیر)، گوندەکانی حیمص(ریف حمص)، بەرزاییەکانی زەبەدانی و ڕۆژئاوای دیمەشق. ئێران لە ڕێگای میحوەری (الممانعة) توانایەکی زۆری بەدەست هێناوە لە ڕووبەڕوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوونەوە و شاردنەوەی سیستەمی موشەکی و هەندێ چەکی ستراتیژی کە تەلئەبیب ئەمانە بە هێڵی سوور و مەترسی دەزانێ و ناتوانی لێی بێدەنگ بێت(البني، ٢٠٢٠).

بەکارهێنانی میلیشیاکان و ڕێکخراوە چەکدارییەکان لەلایەن ئێرانەوە سیاسەتێکی نیوڕیالیزمییە، کە جگە لە دەوڵەت ئەکتەری تریش ڕۆڵیان هەیە وەکو ڕێکخراوە حکومییەکان، ناحکومییەکان و هتد... کە ئێران وەک داردەست و ئامراز دروستی کردوون و بەکاریان دەهێنێ بۆ مانەوە و پاراستنی هەژموونی خۆی و کۆت و بەندکردنی دوژمنەکانی(فرج، ٢٠٠٧، ص٣٦٥).

ئەگەر دەست بەسەر داگرتنی ناوچەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی سوریا گرنگییەکی ستراتیژی بۆ ئێران لە سوریا هەبێت، ئەوا لە بەرامبەریشدا ستراتیژیەتی ئەمریکا و ئیسڕائیلیش بریتیە لە ڕێگری کردن لە فراوان بوونی نفوزی ئێران لە سوریا، ئەو باڵا دەستیەی ئێران لەو ناوچانە بۆ ئەمریکا و ئیسڕائیل گرفت دروست دەکات، هەرناوچەیەکی سنووریش لە ڕۆژهەڵات و باشوری سوریا کێشە و گرفتی خۆی هەیە، بۆ نمونە ئەگەر گرفتی سنوورەکانی باشوری سوریا تەنها نزیکبوونەوەی میلیشیاکانی ئێران بێ لە سنووری ئیسڕائیل ئەوا گرفتی ناوچەکانی سنووری باکوری سوریا بریتیە لە باڵادەستی و کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکانی عێراق و سوریا کە لەو ڕێگایەوە گرێنتی ڕێگا وشکانیەکەی لە تارانەوە بۆ بەیروت دەکات(دیاب، ٢٠١٨، ص٥).

ئیسڕائیل ترسی لەوە هەبوو کە بە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد چەکە کۆمەلکوژەکانی وەکو کیمیاوی و بایۆلۆژی بگاتە دەستی حیزبوڵای لوبنانی، بۆیە سوپای ئیسڕائیلی هەڵسا بە تەئمین کردنی ڕۆژهەڵاتی سنووری وڵاتەکەی وەک خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو بارودۆخەی کە دوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد دێتە ئاراوە، واتا ئیسڕائیل ئامادەیە بۆ هەر ئەگەر و مەترسییەک کە بەهۆی ڕووداوەکانی سوریا کاریگەری خراپی بۆسەر ئاسایشی ئیسڕائیل و پرۆژەی ئاشتیەکەی هەبێت، هەروەک خۆی دەیڵێت دەتوانێ دەورەی بدات (العامري، ٢٠١٣، ص٢٢٩).

واشپێدەچیت ئیسرائیل لەو بارودۆخە نادیارەی سوریا مانەوەی ئەسەدی پێ باشتربێت لە ڕوخانی (العامري، ٢٠١٥، ص١٤٣). لەهەر بارودۆخێکدابێت، ئیسڕائیل و ئەمریکا نایانەوێ ئێران لە سوریا بمێنێت و دەیانەوێ ئێران بە تەواوی لە ناو خاکی سوریا دەربچێت (دیاب، ٢٠١٨، ص٤). ئێرانیش تاوەکو زیاتر بتوانێ ڕووبەڕووی فشاری نەیارەکانی ببێتەوە و باڵادەستی خۆی زیاتر نیشان بدات،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پانای بردە بەر دروستکردنی بەرەی بەرانگاری و ڕێگری(محور المقاومة و الممانعة) [2] و پاراستنی و بەردەوامی پێدانی، کە لەم باسەی خوارەوە زیاتر دەیخەینە ڕوو.

## ٥- پاراستنی میحوەری بەرگرەنگاری و ڕێگری(محور المقاومة و الممانعة)

ئێران لەگەڵ سوریا و حیزبوڵا و بزوتنەوەی ئەمەل و بەرگریکارانی فەڵەستینی بە ڕێکخراوە جیا جیاکانەوە وەکو حەماس و جیهادی ئیسلامی و الجبهة الشعبیة لتحریر فلسطین-القیادة العامة، حرکة فلسطین حرة و قوات فتح الانتفاضة...هتد، بەرەی بەرەنگاری و ڕێگری یان پێکهێنا (الخطیب، ٢٠١٧، ص ص٦٩-٧٠). لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی کێشە و قەیرانی سوریا، ئێران گروپە لایەنگرەکانی سەربەخۆی بەرەو سوریا پاڵنا بۆ شەڕکردن شان بەشانی سوپای سوریا بۆ نمونە: حیزبوڵای لوبنانی، لیژنە میللیەکانی سوریا هێزەکانی ڕەدیفە (الردیفة) لە لیوای قودسی فەڵەستینی( الخطیب، ٢٠١٧، ص٢٨).

هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر سوریا و لبنان بووە هۆی ئەوەی بەرەی بەرەنگاری و ڕێگری زیاتر پێبگات و هێزە کاریگەرەکانی ناو میحوەری مقاومە یان بەرەی بەرەنگاری و ڕێگری لێک نزیک بکاتەوە و هاوپەیمانێتی بۆ بەرپەرچ دانەوە دروست بکەن، ئەمەش دوای لێک دابڕانی پەیوەندییەکانی حەماس و ئێران بە هۆی هەڵوێستی حەماس سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی سوری لە ساڵی ٢٠١٢ دووبارە لە ساڵی ٢٠١٨ پەیوەندییەکان بەرەو باشی چوون.

(2)بەرەی بەرەنگاری و ڕێگری(محور المقاومة و الممانعة): ئەم بەرەیە بە سەرکردایەتی ئێران دروستکرا و سوریا و ڕێکخراوەکانی دژە ئەمریکا و ئیسرائیلی وەکو حیزبوڵای لوبنانی و بزوتنەوەی ئەمەل و بەرگریکارانی فەڵەستینی بە ڕێکخراوە جیا جیاکانەوەی ناوچەی کەرتی غەزە وەکو حەماس و جیهادی ئیسلامی و الجبهة الشعبیة لتحریر فلسطین-القیادة العامة،حرکة فلسطین حرة ، قوات فتح الانتفاضة ، میلیشیا شیعەکانی عێراق و میلیشیاکانی حوسی لەیەمەن لە خۆدەگرت و لە دژی ئێران و ئیسرائیل و لە بەرژەوەندی ئێران کاریان دەکرد. توانای سەربازی بەرەی بەرەنگاری و ڕێگری پێکدێت لە قەڵغانی سەربازی(الترسانة العسکریة)ەیکی گەورە کە ئەندامان خۆیانی پێدەپارێزن بە شێوەیەکی سەرەکی پێکدێت لەو موشەکانەی کە لە ئێران دروست دەکرێت. ئامانج لە پشت پێکهێنانی بەرەی بەرەنگاری و ڕێگری بریتیە لە یارمەتیدانی ئێران بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی کە ببێتە زلهێزێکی بالادەست لە کەنداو و ناوچەکە و ڕێگری کردن لە ئیسرائیل لە تێکشکاندنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و بەکارهێنانی ئەم بەرەیە وەک کارتێکی فشار لە دانوستانەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا(میلامید، ٢٠١٢/١٢، ص١٩٠)

پاش ئەوەی ئیسرائیل بنکەکانی ئێران و حیزبوڵای لە سوریا کردە ئامانج و لە بەرامبەریشدا ئێران فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی لە سوریا خستە خوارەوە، (محمد الضيف)ی سەرکردەی کەتیبەکانی قەسامی باڵی چەکداری بزوتنەوەی حەماس باسی لە پێکهێنانی بەیەک گەیشتنی ئاگرەکان(التقاطع النيران) نێوان هێزەکانی بەرگری (مقاومة)ی کرد کە مەبەستی لە باکوری فەڵەستین و سوریا و لبنان و ئێران و باشور "حەماس" و "جیهادی ئیسلامی" بوو. هەروەها لە سەردانکردنی وەفدی حەماس بۆ تاران، دووبارە باسی بەرەی بەرەنگاری و ڕێگری لە دژی ئیسرائیل کرا، لە بەیانێکیشیاندا حەماس هێرشەکەی حیزبوڵای بۆسەر ئیسرائیل بەرز نرخاند و جەختیشی کردەوە لەسەر مافی ڕەوایەتی حیزبوڵای لوبنانی و هەموو هێزەکانی بەرەنگاری (مقاومة) دژی ئیسرائیل، جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی کە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیسرائیل بەرەی بەرەنگاری(مقاومة) دەستەوەستان نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەرەی بەرەنگاری و ڕێگری بە پێی چەمکی (التقاطع النيران) زۆر بەرەو پێش چووە و بۆتە هۆی نیگەرانی ئیسرائیل (هنية، ٢٠١٩).

پاراستنی بەرەی بەرگری یان بەرەی بەرەنگاری و ڕێگری بە گشتی و هاوپەیمانێتی ئێران لەگەڵ ڕژێمی سوریا و حزبوڵای لوبنان بەتایبەت بە بەرژەوەندی نیشتمانی ئێران دادەنرێت، چونکە بە تێکچوونی ئەو بەرەیە یاخود بەلای کەم ئەو هاوپەیمانێتیە، خەونی دروستکردنی هیلالی شیعی و گەیشتنی بە دەریای سپی ناوەڕاست لە باردەچێت.

ئێران بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی هێزی خۆی و زیاتر فراوان بوون و سەپاندنی هەژموونی خۆی لەسەر ناوچەکە بە تایبەتی کە دوژمنێکی وەکو ئیسرائیلی هەیە، هەڵسا بە بەکارهێنانی میلیشیاکانی حیزبوڵا و بزوتنەوەی حەماسی فەڵەستینی و میلیشیاکانی عێراق و پێداگری زیاتر لەسەر بەدەستخستنی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی (أبو رحمة و قوراري، ٢٠٢٠، ص٤٠)، کە ئەمەش دەرەنجامێکی باشی بۆ ئێران دابەدەستەوە و قۆناغەکانی گفتوگۆ و دانوستانەکانی ئەتۆمی لە بەرژەوەندی ئێران زۆر بەرەو پێش برد. ئەو هەوڵانەی ئێران لە گەشەپێدان و پێشخستنی توانا سەربازیە تەقلیدی و ناتەقلیدییەکان و یارمەتیدانی بزوتنەوە چەکداری و ملیشیا و بزوتنەوە بەرگریکاریە عەرەبیەکان بریتیبوو لە دروستکردنی نفوز و هێنایەکایەی هاوسەنگی هێزی سەربازی و سیاسی ئێران لەبەرامبەر

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە بەگۆڕینی ڕژێمی ئێران هەڕەشەیان لە ئێران دەکرد (الحاج، ٢٠١٨، ص١٢٦).

هەروەها لەژێر ڕۆشنایی تیۆری هاوسەنگی هێز لە بەرامبەر دوژمن، ئێران چەند جۆر موشەکی پێشکەوتوو و دژەکەشتی (سی-٨٠٢) دا بە حیزبوڵای لوبنان، لە ساڵی ٢٠٠٦ بەو موشەکە کەشتیەکی جەنگی ئیسرائیلی پەکخست، بە هەمان شێوەش موشەکی دژە تانک و موشەکی (سی-٨٠٢) دژە کەشتی بە حوسییەکاندا کە هێرشیان پێ کردە سەر کەشتی جەنگی ئیماراتی لە یەمەن(الحاج، ٢٠١٨، ص١٣٢)، واتا ئێران هێزی ڕەقیشی بەکارهێنا لە پێناو هاوسەنگی هێز و سەپاندنی هەژموونی خۆی.

ئێران لە هاتنە ناوەوەی ناوچەکە لە ڕێگای پرۆژەکەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام ئەوەی شایانی باسکردن بێت ئەو سەرکەوتنانەی ئێران بێ کێشە و گرفت نەبووە، بە تایبەت ئەمریکا کە فشاری خستەسەر لە سوریا و یەمەن، بەرژەوەندییەکانی ڕوسیاش وایکرد پێگەی ئێران لە سوریا سنووردار بکرێت، دەکرێت بڵێین بیرۆکەی هیلالی شیعی کە پاشای ئوردن لە ساڵی ٢٠٠٤ باسی لێوەکرد لەگەڵ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیەکانی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەرەو دروستبوون هەنگاوینا (مركز حرمون للدراسات المعاصرة، ٢٠١٩).

بەشێک لە چاودێران ڕایان وایە کە میحوەری ممانعة توانیویەتی ڕووبەڕووی ئیسرائیل و ئەمریکا بوەستێتەوە کاریگەری هەبیت لەکەمکردنەوەی فشارەکانی سەری(البني، ٢٠٢٠) بەڵام بەشێکی تری چاودێران ڕایەکی تریان هەیە سەبارەت بە (محور المقاومة و الممانعة)، کە پێیان وایە ئەو میحوەرە تەنها ناوێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی میلەتانی ناوچەکە و دۆزی فەڵەستین و دژایەتیکردنی ئەمریکا تەنها دروشمە و ڕەفتاریان لەگەڵ ئەو ئامانج و دروشمانە یەکناگرێتەوە کە بەرزیان کردۆتەوە، چونکە ئەو میحوەرە زۆر بە دڕندانە دژی ئازادی میلەتان وەستانەوە، سوریا وەک نمونە کە ئێران و حیزبولا ڕۆڵێکی کاریگەریان تێدا هەبوو.

ئەو میحوەرە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە پرۆسەی بەشیعەکردن(تشیع) لە ناوچەکە، ئێران لە ڕێگای ئەو میحوەرەوە بارودۆخی ئاسایشی عێراقی لە ڕێگای میلیشیا شیعەکانی سەربەخۆی تێکدا و لە ڕێگای حیزبولاش بارودۆخی لوبنانی ئاڵۆزکرد، هەروەها لە ڕێگای هاندانی پێکهاتەی شیعەکان بارودۆخی یەمەن و بەحرێنیشی شێواند و سوریاش وا بارودۆخەکەی ڕوون و ئاشکرایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێران بە شێوەیەکی نهێنی پرۆسەی بە شیعەکردن ئەنجام دەدات ئەویش لە ڕێگای دەزگا خێرخوازییەکان و هاریکاری و کردنەوەی ناوەندی ئاینی و ڕۆشنبیری و حوسەینیەکان و دەرس گوتنەوە و پێدان و دابینکردنی کورسی خوێندن لە زانکۆکانی ئێران(منح دراسية بالجامعات الايرانية)(العز، ٢٠١٩)، لە ڕاستیشدا لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئێران توانی نفوزی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت و لە ڕێگای حیزبوڵا لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست گەورەترین و بەهێزترین بنکەی خۆی دروست بکات(مركز حرمون للدراسات المعاصرة ، ٢٠١٩)، هەموو ئەمانەش لە پێناو گەیشتنێتی بە دەریای سپی ناوەڕاست.

## ٦- گەیشتنی ئێران بە دەریای ناوەراست

گەیشتنی ئێران بە دەریای سپی ناوەڕاست ویستێکی لە مێژینەی ئێرانە و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدات، لەگەڵ زیاد بوونی فشارەکانی سەریشی لە ڕێگای ئابلۆقە ئابورییەکانەوە، هەوڵەکانی خۆی زیاتر خستەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی ئەم فشارانە و گەیشتنی بە دەریای سپی ناوەڕاست، ئەم هەوڵەش یەکێک بوو لە ستراتیژیەتە باڵاکانی ئێران کە پاڵی بە ئێران وەنا بۆ بەشداریکردنی لەو شەڕە چەکدارییەی کە لە سوریا ڕوو دەدات چونکە تاکە دەرفەتی هێنانەدی ستراتیژیەکەیەتی (إلياس، ٢٠١٩).

سوریا بۆ ئێران بەردی بناغەی پرۆژە ستراتیژیەکەی پێکدەهێنێت و هەر لە ڕێگای سوریاوە ئێران دەگاتە دەریای سپی ناوەڕاست و ململانێی عەرەب- ئیسرائیل و تاکە پردی گەیشتنی ئێرانە بە حیزبوڵای لوبنان. لەگەڵ تەواو بوونی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ پرۆژەی ئێران گەیشتە لوتکە، چونکە بۆ یەکەم جار بوو کە تاران توانی لە ڕێگای عێراقەوە بە شێوەی ڕێگای وشکانی بە دیمەشق و بەیروت گرێ بدرێت، کە ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی دەرفەت تا بگات بە هیلالی شیعی و نفوزە ستراتیژیەکەی.

وڵاتانی ناو هیلالەکە کۆسپێکی سروشتی دروست دەکەن لە نێوان تورکیا لە لایەک و نیمچە دورگەی عەرەبی ئوردن لەلاکەی ترەوە (قبلان، ٢٠١٥، ص٢٥). ئەو هیلالەی کە لە سنوورەکانی خۆیەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، عێراقیش بە کرۆک یان جەوهەری

ستراتیژیەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، چونکە عێراق خاڵی دەستپێکی نفوزی ئێرانە لە جیهانی عەرەبیدا (فریدمان، ٢٠١٥). واتا سەرەتای هەوڵی جێبەجێکردنی پڕۆژە ستراتیژیەکەی و گەیشتنی بە دەریای سپی ناوەڕاست لە عێراقەوە دەست پێدەکات.

بەهاری عەرەبی ساڵی ٢٠١١ بووە هۆی ئەوەی ئێران بە تەواوی نفوزی خۆی لە ناوچەکە زیاد بکات(الحاج، ٢٠١٨، ص١٢١) و ببێتە گرنگترین و کاریگەرترین یاریکەر لە گۆڕەپانەکە، کەواتە بە ڕوودانی بەهاری عەرەبی قۆناغی دووەمی پرۆژەکە هاتە پێشەوە و بارودۆخی ناجێگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرفەتێک بوو بۆ ئێران کە هەوڵی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەی خۆی بدات و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە هەبێت(أبو رحمة و قوراري ، ٢٠٢٠، ص٣٥). سوریاش بەشێکە لە ستراتیژیەکەی ئێران بۆ گەیشتنی بە دەریای سپی ناوەڕاست، بۆیە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد واتا لە دەستدانی دەرفەتی گەیشتنی ئێران بە دەریای سپی ناوەڕاست و ڕوخانی پردی وشکانی بە دەریای سپی ناوەڕاست (میلامید، ٢٠١٢، ص١٩١).

ڕێگای گەیشتن و هاتووچۆی ئێران بە دەریای سپی ناوەڕاست و بەندەری لازقیە و پاراستنی هێزەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام پێویستی بە دروستکرنی ڕێگایەکی پارێزراو هەیە، ئەم ڕێگایەش بە زەبری هێز دەستەبەر دەبێت، چونکە کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەم زۆرە، جا ئێران لەڕێگای سوپای پاسداران بە تایبەت فەیلەقی قودس بە سەرکردایەتی قاسم سولەیمانی و میلیشیاکانی سەربە لیوای قودس هەوڵی کردنەوە و دروستکردنی ئەو ڕێگایەیاندا. ئەوە بوو ئەبو مەهدی موهەندیس سەرکردەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق لە (٢٩ ئایاری ٢٠١٧) ڕایگەیاند کە پاش ئەوەی ژمارەیەک لە گوندەکانی ئێزدیەکانیان لە دەست هێزەکانی داعش وەرگرتۆتەوە هێزەکانیان گەیشتوونەتە سنوورەکانی سوریا و عێراق، گەیشتنی حەشدی شەعبی بەو ناوچەیە واتا گەیشتنی

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێرانە بە ڕێگای کۆریدۆر(الكوريدور الايراني) [3] (بي بي سي نيوز، ٢٠١٧) کە ئەمەش دوای شەڕێکی خوێناوی هات لەم ناوچەیە.

هەروەها ئێران لە سەرەتای مانگی شەشی ساڵی (٢٠١٨) لەڕێگای سوپای پاسداران و میلیشیا عێراقیەکانی وەکو كتائب حزب الله العراقى، كتائب منظمة بدر و حركة النجباء و حیزبوڵای لوبنانی و میلیشیا بیانیەکانی وەکو لیوای (فاطميون)ی ئەفغانی و لیوای (زينبيون)ی پاکستانی و هێزەکانی ڕژێمی سوریا توانیان شاری ئەلبوکەمال و دەروازە سنورییەکان پاش چەند مانگێک شەڕ لەگەڵ ڕێکخراوی داعش کۆنترۆڵ بکەن.

گرتنی شاری ئەلبوکەمال لە دێرەزوڕ و دەروازە سنوورییەکەی لەگەڵ عێراق یەکێک بوو لە ئامانجەکانی ئێران کە هەر لەگەڵ دامەزرانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ ئێران ئاواتی بۆ دەخواست، ئەو ئامانجەش بریتیە لە دامەزراندنی ڕێگایەکی وشکانی کە لە ڕێگای عێراق و سوریاوە بیگەیەنێتە لوبنان و دەریای سپی ناوەڕاست، ئەمەش مەترسی لەلای وڵاتانی هەرێمی بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل دروست کردووە و ئەوروپا و ڕۆژئاواش بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی خۆیان دەزانن. گەیشتنی ئێران بەو ناوچەیە و جێبەجێ کردنی ستراتیژیەتەکەی جێگای قبوڵکردن نیە لە لایەن زلهێزەکانەوە، بۆ نمونە ڕوسیای هاوپەیمانی ئێران لە ساڵی٢٠٢٠ هەوڵیدا هێزەکانی خۆی لە دێرەزوڕ بە مەبەستی پێشگرتن لە فراوان بوونی ئێران لە ناوچەکە بڵاو بکاتەوە، گەیشتنی هێزەکانی ڕوسیاش بۆ سنوورە هاوبەشەکانی عێراق و سوریا و باکوری سوریا مەترسی بۆ سەر هەوڵەکانی ئێران دەبێت(الحرة، ٢٠٢١).

دوای ئەم هەنگاوە و گەیشتنی ئێران بە دەریای سپی ناوەڕاست و جێبەجێ کردنی پلانەکانی ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە هەڵوێستی کوردەکانی سوریا بە تایبەت پارتی یەکێتی دیموکڕات

(3)ڕێگای کۆریدۆر (الممر- الكوريدور الايراني): بریتیە لەو ڕێگا وشکانیەی کە ڕاستەوخۆ تەهران دەبەستێتەوە بە لێوار(ساحل)ەکانی سوریا، کە بە عێراق و سوریاوە تێدەپەڕێ و ئێران دەگەیەنێتە دەریای سپی ناوەڕاست، ئەم ڕێگایە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بە ڕێگای کۆریدۆر ناسراوە(بي بي سي نيوز، ٢٠١٧ ).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(YPG)، کە دەسەڵاتیان لە سنووری هەرێمی کوردستانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ڕۆژئاوای شاری (مەنبەج) لە پارێزگای حەلەب. کەواتە ڕێگای ئاسان بۆ گەیشتنی ئێران بە دەریای سپی ناوەڕاست دەبێت لەگەڵ کوردەکان بە تایبەتی هێزەکانی (YPG) ڕێکەوتن بکات و ڕەزامەندیان وەربگرێت، ئەم ڕێگایەش لە شاری (تەلەعفەر)ەوە درێژ دەبێتەوە بۆ دەروازەی (ڕەبیعە)ی نێوان عێراق و سوریا کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە، لەوێشەوە بۆ شاری قامیشلی ئینجا هاوتەریب ڕۆیشتن لەگەڵ سنووری تورکیا دواتر بەشاری کۆبانێدا دەڕوات تا دەگاتە شاری عەفرین ئینجا بۆ شاری ئیدلب و لەوێشەوە بۆ شاری حیمص لە ناوەڕاستی سوریا لەوێشەوە بۆ کەنارەکارەکانی سنوری سوریا(الساحل السوري) لە سەر دەریای ناوەڕاست (بي بي سي نيوز، ٢٠١٧)، واتا شاری لازقیە.

شاری لازقیەی سوریاش بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنە ستراتیژیەکەی کە دەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست و هەبوونی بەندەر و ژمارەیەکی زۆری کۆگای ئامادە بۆ وەرگرتنی (٣) ملیۆن تۆن لە کاڵای هەناردە و هاوردە، بەشێکە لە تەواوکەری ستراتیژیەتەکەی ئێران و دەروازەیەکی دەریایشە بۆ هەناردەکردنی گازی ئێران و کەمکردنەوەی فشار و قەیرانە ئابورییەکانی سەری، لە ڕووە ئابورییەکەشدا کرانەوەی گەورە دەبێت و ئێران تەواو ئازاد دەبێت لە جوڵەی بازرگانی و تەمویل و پارەدارکردن و یارمەتیدانی حیزبوڵا لە لوبنان، بۆیە هەوڵی بەدەستهێنانی بەندەری لازقیە دەدات. ئەمە بێجگە لەوەی کە زیاتر لە سنوورەکانی ئیسرائیلی نزیک دەکاتەوە.

بەندەری لازقیە لەڕووی هەواڵگریەوەش گرنگە چونکە ئێران دەبێتە کۆسپ لەبەردەم وڵاتانی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست. ئەوەی وایکردووە کە ئەو بەندەرە بۆ ئێران زۆر گرنگ بێت نزیکیەتی لە بنکەی سەربازی(حمیمیم)ی هێزە ئاسمانیەکانی ڕوسیە لە نزیک(تەڕتوس) (إلياس، ٢٠١٩). کە وادەکات ئەمریکا و ئیسرائیل نەتوانن بە ئاسانی دەستی لێبوەشێنن و ڕوسیا بکاتە قەڵغانێک بۆ خۆی لەو ناوچەیە و پاراستنی خۆی بە هۆی بنکەی حمەیمیمی ڕوسی بکاتە دیفاکتۆ.

ئەم هەنگاوەی ئێران ئەگەری ئەوەی هەیە کە هێزەکانی ڕوسیا بکاتە ئامانجی ئەمریکا و ئیسرائیل(قفصي، ٢٠١٩)، بۆیە مۆسکۆ لەم هەنگاوەی ئێران نیگەرانی و ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی(حميدي، 2019) و هەڵوێستی لێوەرگرت و ناکۆکی کەوتە نێوانیان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمریکاش هەر لەسەرەتاوە بۆ ڕێگریکردن لە ئێران هێزی هێنا بۆ ناو سوریا، "دەیڤد شینکیری" بەربژێر بۆ پۆستی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەو ڕاستیەی پشتڕاست کردەوە و گوتی: بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، بێجگە لە بەهێزکردنی پێگەی واشینتن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕوسیا، بۆ ڕێگری کردنی تارانیشە لە دروستکردنی پردێکی وشکانی بۆ گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست، واتا ئەمریکا هەوڵی ڕێگریکردنی ئێران دەدات لە گەیشتنی بە دەریای سپی ناوەڕاست (إیران خانه، بدون تاریخ). بۆیە ئەمریکا هەڵسا بە دووبارە داڕشتەوە ڕۆڵی خۆی (عنان، ٢٠١٧)، لە ٢٥/ ٤/ ٢٠١٣ دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا ڕاگەیاند کە ئەمریکا ڕیگری دەکات لە هەر ڕێگایەکی وشکانی کە ئێران بیەوێت بەکاری بهێنێ و پێی بگاتە دەریای سپی ناوەڕاست.

هەروەها سەرۆکی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جەنەڕاڵ " جۆزێف فۆتێل" لە ٢٦/ ٤/ ٢٠١٣ ڕایگەیاند کە پاڵپشتی کردنی هێزەکانی سوریای دیموکڕات دەبێتە هۆی گرێنتی کردن لە ڕێگریکردنی ئێران لە بەدەستهێنانی ئەورێگا وشکانیانەی کە ئێران دەگەیەنێتە دەریای سپی ناوەڕاست(فورد، ٢٠١٨)، بەمەش ئەمریکا ئێرانی ناچارکرد دووبارە چاو بە نەخشەکانیدا بهێنێتەوە و ڕێگای خۆی بگۆڕێ (عنان، ٢٠١٧).

ئەمریکا لە ڕێگای هێرشی ئاسمانی تا ڕادەیەکی زۆر توانی ئێرانی لە بەکارهێنانی ڕێگا وشکانیەکەی سنووردار بکات و ئێرانی ناچار کرد لەجیاتی بەکارهێنانی ڕێگای وشکانی ڕێگای ئاسمانی بەکار بهێنێت، بۆ ئەمەش فڕۆکەخانەکانی ڕۆژئاوای سوریا و دیمەشقی بە تایبەتی بەکار بهێنێت، واتا لە تارانەوە بۆ دیمەشق و بە پێچەوانەوەش، تاوەکو هێزەکانی خۆی لە گورزی فڕۆکەکانی ئەمریکا لەسەر ڕێگا وشکانیەکان بپارێزێ، کە ئەمەش تێچووی زۆر زیاترە لە بەکارهێنانی ڕێگا وشکانیەکان و فڕۆکەکانیشی لە مەترسی دادەبن(دیاب، ٢٠١٨، ص٦).

سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی بەردەمی بەڵام لە کۆتاییدا ئێران سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی هیلالی شیعی کە لە ئێرانەوە دەستی پێکرد و بە عێراقدا تێدەپەڕی و گەیشتە یەمەن(ناوچەی حوسییەکان کە شیعەن) و بەحرێن و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی سعودیا. لە ئێستادا ئامانجەکەی لەم پرۆژەیە هاتۆتەدی کە دروستکردنی هێزێکی هەرێمی نوێ بوو(نجعي و حجاج، ٢٠١٨، ص٤٤).

## دەرئەنجام:

سوریا بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی وڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و شەڕی بە وەکالەتی وڵاتانی ناکۆک، هەریەکەیان لەپێناو بەرژەوەندی و سەپاندنی هەژموونی خۆی لە ناوچەکە و هاوسەنگی هێز و پاراستنی پێگە هەرێمیەکەی هەوڵی خۆی دەدات. ئێران پشتگیری لە هەموو شۆڕش و ناڕەزایەتیەکانی بەهاری عەرەبی کردووە دژی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی وڵات تەنها لە سوریا نەبێ پشتگیری ڕژێمی سوریای کردووە، کە ئەمەش پێچەوانەی هەڵوێستی پشتگیری کردنی شۆڕشەکانی تربوو.

گرینگترین پاڵنەریش بۆ بەشداریکردنی ئێران لە شەڕی سوریا لە تەواوکردنی پرۆژە ستراتیژیەکەیەتی، ئەویش گرێنتی کردنی ڕێگای وشکانیە بۆ گەیشتنی بە دەریای سپی ناوەڕاست، کە لە خاڵی سنوری نێوان عێراق و ئێران، بە عێراقدا تێپەڕدەبێت، ئینجا باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا بۆ شارەکانی حیمص و حەلەب، دواتر کۆتایی دێت بە مینای لازقیە لە دەریای سپی ناوەڕاست. بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیشی پشتی بە ئایدیۆلۆژیا یاخود بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە(تشیوع) بەست کە پێکهاتووە لەو بنەما نەتەوەییانەی کە ویلایەتی فەقیهی لەسەر بونیاد نراوە و هەموو هاوپەیمان و باڵەکانی خۆی لە خزمەتی پرۆژەکەی خۆی لە ناوچەکە بەکارهێنا.

هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتیش ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە بەردەوامی و درێژە کێشانی قەیرانی سوریا، هەر وڵاتێکی بەشداری ناو قەیرانی سوریا بە دوای بە دەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندی خۆیەتی، ڕازیکردن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانیش بە بێ هیچ سازش کردنێک شتێکی ئاسان نیە، بۆیە هەموو هەوڵ و دەستپێشخەرییەکان شکستیان هێناوە، تا ئێستاش ململانێی نێودەوڵەتی لە سوریا ئەوەیە هەر لایەنێک تەواوی بردنەوەی دەوێت. دەرکەوت کە نیوڕیالیزمی لەناو ئەویشدا ڕیالیزمی هێرشبەرانە و بەرگریکارانە لە شیکارکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تا ئێستا کاریگەری خۆی هەیە و کاری پێدەکرێ واتا تەوژمی ڕیالیزمی نوێ(تیار الواقعیة الجدیدة) بەسەر بارودۆخ و هەڵوێستەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا زاڵە، بۆ نمونە ڕوودانی کارەساتی مرۆیی نەبووە هۆی گۆڕانی سیاسەتی ڕیالیزمی و پراگماتیکی وڵاتانی ئەمریکا، ڕوسیا، ئێران و تورکیا کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانیان بونیاد نراوە، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر

دروست کردنی قەیران لە سوریا و رۆژهەلاتی ناوەراست بە گشتی دروست کردووە. پێشبینی دەکرێت کە قەیرانی سوریا بۆ ماوەیەکی درێژ بە بێ چارەسەری گونجاو بەردەوام بێت.


1. **سەرچاوە کوردیەکان**
2. **١-کتێب**
3. پەروێز رەحیم قادر(٢٠٢٠). ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە کۆماری ئیسلامی ئێران وەک نمونە، چاپخانەی ماد، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران.
4. **٢-ماستەرنامە**
5. پەروێز رەحیم قادر(٢٠١٤). بنەماکانی هزری و چوارچێوەی تیۆری سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، نامەی ماستەر،کۆلیژی یاسا و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر.
6. **المصادر باللغة العربية**
7. **١-الكتب**
8. تيم دان و آخرون(٢٠١٦). نظريات العلاقات الدولية التخصص و التنوع، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، ترجمة: ديما الخضرا، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، ط١، بيروت.
9. انور محمد فرج(٢٠٠٧). نظرية الواقعية فى العلاقات الدولية، دراسة نقدية مقارنة في ضوء النظريات المعاصرة، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية.
10. **٢-الرسائل و الاطاريح**
11. معين عبدالعزيز محمد ابوشريعة(٢٠١٧). التدخل الايراني في الأزمة السورية و أثره على نفوذها في المنطقة العربية(2011-2017)، رسالة ماجستير، جامعة الأزهر-غزة.
12. منير حسن محمد(2011). صراعات القوى الدولية و أثرها على أزمات الشرق الاوسط بعد الحرب الباردة(دراسة تحليلية)، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، اربيل.
13. **المواقع الالكترونية (الانترنت):**
14. **١-الرسائل و الاطاريح**
15. رائد الخطيب(٢٠١٦-٢٠١٧). العلاقات الايرانية السورية و انعكاساتها على ميزان القوى الاقليمي ٢٠٠٥-٢٠٠٦، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، الجزائر، الرابط: https://bit.ly/2TtluuF

16. عبدالكريم احمد الأسطل(2014). السياسة الخارجية للقوى الاقليمية تجاه الثورة السورية"تركيا و ايران"دراسة المقارنة: 2011-2014، رسالة ماجستير، جامعة الأقصى، فلسطين غزة، الرابط: https://bit.ly/3fyP0aP .
17. منال نجعي و أمال حجاج(٢٠١٧-٢٠١٨). تأثير المحددات الداخلية على صنع السياسة الخارجية الايرانية تجاه منطقة الشرق الاوسط(دراسة حالتي الامارات و السعودية في الفترة ٢011-2018)، رسالة ماجستير، جامعة الشهيد حمه لخضر-الوادي- كلية الحقوق و العلوم السياسية، الجزائر، الرابط: https://bit.ly/2U10w6M.
18. ٢-المجلات
19. ابتسام محمد العامري(٢٠١٥). البعد الاقليمي في الازمة السورية، مجلة السياسة و الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية و الدولية / جامعة بغداد، العدد(٢٨-٢٩)، (تاريخ الدخول: ٢٧/ ٧/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3BC4lQX .
20. ابتسام محمد العامري(٣١/ ١٢/ ٢٠١٣). الازمة السورية- قرارات في تأثيرات البعد الاقليمي، مجلة الكوفة- للعلوم القانونية و السياسية، المجلد(٦)، العدد(١٧)، العراق، (تاريخ الدخول: ٢/ ٨/ ٢٠٢١)، الرابط:https://bit.ly/3zj49Ey.
21. ابراهيم حميدي(3 أبريل 2019). روسيا «غاضبة» من وصول إيران إلى جوارها في مياه المتوسط، جريدة الشرق الاوسط، العدد (14736)، لندن، (تاريخ الدخول:١ / ٨/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3iFiCVQ.
22. آفي ميلاميد(31 /١٢/2012). هل الحرب في الشرق الأوسط واقعة لا محالة؟، مجلة مركز الدراسات الفلسطينية، المجلد 2012، العدد(16)، جامعة بغداد مركز الدراسات الفلسطينية، (تاريخ الدخول: ٢٩/٧/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3iIG0An.
23. باسل الحجار(تشرين الاول ٢٠١٤). الحرب غير المتوازية، مجلة الجيش، العدد(٣٥٢)، (تاريخ الدخول: ٢٢/٩/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3ua43h2.
24. عبدالرحمن الحاج(٣/ ٢٠١٨). أثر التدخل الإيراني في سوريا على الخريطة المذهبية، مجلة الدراسات الإيرانية، السنة الثانية، العدد(٦)، (تاريخ الدخول: ٢٩/٧ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/2UMwUKR.
25. منير موسى أبو رحمة و آسية قوراري(٢٠٢٠/٤). موقف إيران كقوة تعديلية في ميزان القوى الجديد في الشرق الشرق الأوسط، مجلة الدراسات الايرانية، المعهد الدولي للدراسات، السنة الرابعة،

العدد(١١)، جامعة ابو بكر بلقايد- تلمسان/ الجزائر، (تاريخ الدخول: ٧/ ٨/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/2TcRHqb.

26. ٣-المقالات

27. احمد الغر(٦/٢٢/ ٢٠١٩). محور الممانعة والمقاومة.. يمانع ماذا؟.. ويقاوم من؟، صوت العرب من امريكا، (تاريخ الدخول: ٧/٣١ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3ygzPds.
28. اكرم البني(٧/ ٨/ ٢٠٢٠). عن احتمال الحرب بين محور «الممانعة» وإسرائيل! ، الشرق الاوسط، (تاريخ الدخول: ٧/٣١ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3BVEzay .
29. إيران خانه(بدون تاريخ). تعرف على الخطة الأمريكية لمنع وصول إيران إلى المتوسط، (تاريخ الدخول: ٢٩/ ٧/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3xax0cU .
30. بي بي سي نيوز (٣١ أيار ٢٠١٧). إيران تسير قدما في إنشاء ممرها البري إلى البحر المتوسط، (تاريخ الدخول:٣٠ / ٧/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bbc.in/3vdq7Gq .
31. ترت عربي(٢١ يونيو ٢٠٢١). رئيسي في أول خطاب بعد انتخابه: سياستنا الخارجية لن تتقيد بالاتفاق النووي، (تاريخ الدخول: ٦ /٨ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3my97Km.
32. جورج فريدمان(٨ مارس ٢٠١٥). بزوغ توازن للقوى في الشرق الأوسط، (تاريخ الدخول: ٢ /٨ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3z6hijN .
33. الحرة/ترجمات-دبي(١٩ مايو ٢٠٢١). الطريق الى المتوسط.. دير الزور في استراتيجية التمدد الايراني في المنطقة، (تاريخ الدخول: ٢٦/ ٧/ ٢٠٢١)، الرابط: https://arbne.ws/3xaopqA .
34. خالد هنية(٢٠/ ٩/ ٢٠١٩). إيران و محورها.. جبهات مقاومة و فرص تشكيل "حلف" ممانع(مقال رأي)، الأناضول، (تاريخ الدخول: ٦ /٨ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3B9oHQv .
35. رائد الحامد(٢٨/ ١٢/ ٢٠١٧). الممرات البرية الإيرانية لتعزيز النفوذ ومواجهة التحديات، رابطة ادباء الشام، (تاريخ الدخول: ٢٨ /٧ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3i9rXEV .
36. روبرت فورد(٥/ ٦/ ٢٠١٨). ما هي سياسة ترامب الحقيقية في سوريا؟، مركز الجزيرة للدراسات، (تاريخ الدخول: ٧/٢٨ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3f7vOjM.
37. روعة قفصي(١٥ ابريل ٢٠١٩). هل حققت إيران حلمها بفتح منفذ على البحر المتوسط؟ عربي٢١، (تاريخ الدخول: ٢٩/ ٧/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/35fTYmN .
38. سامح إسماعيل(١٠/ ٢٠٢٠/٩). كيف حاولت إيران تقويض الأمن القومي العربي؟، حفريات، (تاريخ الدخول: ٥/ ٨/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3yR5AJZ .

39. سمير السعدي(٢٠١٧/١١/١١). اللواء "313" والتدخل الإيراني في درعا،المدن، (تاريخ الدخول: ٢٧/٧ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3wYfEzt.

40. صالح حميد(٣١/ ٣/ ٢٠١٧). لواء "تحرير الجولان" خدعة إيران الجديدة للبقاء بسوريا، (تاريخ الدخول: ٢٧/٧ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3i9h0U0.

41. طارق دياب(١٣/ ٨/ ٢٠١٨). الوجود الإيراني في سوريا: اتفاقات ومسارات، المعهد المصري للدراسات، (تاريخ الدخول: ٢٨/٧ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3zvCBvE.

42. علي حسين باكير(١٦/١ / ٢٠١٢). الثورة السورية في المعادلة الإيرانية-التركية: المأزق الحالي والسيناريوهات المتوقعة، معهد الدوحة، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، (تاريخ الدخول: ٢٦/ ٧/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/2UI29a0 .

43. عماد عنان(٢٠١٧/٠٥/١٨). كيف اجبرت أمريكا الإيرانيين على تغيير ممرهم البري الى البحر المتوسط؟، ن بوست، (تاريخ الدخول: ٢٩/ ٧/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3vjaxJu .

44. فاطمة الصمادي(١٢/ ٥/ ٢٠٢٠). إيران في سوريا: تنسحب أم تعيد بناء استراتيجيتها؟ ،مركز الجزيرة للدراسات، (تاريخ الدخول: ٢٧/٧ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/2TxhBVP.

45. فراس إلياس، (٢٧ مارس ٢٠١٩). الممر الإيراني لشرق المتوسط يمر عبر بغداد! ،RASANAH المعهد الدولي للدراسات الإيرانية، (تاريخ الدخول: ٣٠/ ٧/ ٢٠٢١)، الرابط:https://bit.ly/3cykhsq .

46. محمد بن هويدن(١٠ مايو ٢٠٠٩). واقعية إيران السياسية، البيان الامارات، (تاريخ الدخول:٣ / ٨/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3xgkAjw.

47. مركز حرمون للدراسات المعاصرة(١/٥/ ٢٠١٩). محور المقاومة والممانعة و استثمار الفشل، (تاريخ الدخول: ٣٠/٧ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3BZEfYj.

48. مروان قبلان(٢٦/ ٥/ ٢٠١٥). المسألة السورية واستقطاباتها الإقليمية والدولية: دراسة في معادلات القوة الصراع على السورية، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، (تاريخ الدخول: ٢٨/٧ / ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/2Wsv3vz.

49. ناجي صادق شراب(١٥/٠١/ ٢٠٢١). سلوك الدول ما بين الواقعية الهجومية والواقعية الدفاعية، موقع امد للاعلام، (تاريخ الدخول: ٤/ ٨/ ٢٠٢١)، الرابط: https://bit.ly/3yYWYkD.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Analyzing Iran's role in the Syrian crisis on the basis of neo-realism

**Prof. Dr. Salih Omar Issa**
Department of Political System &Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil,Kurdistan Region, Iraq.
salih.issa@su.edu.krd

**Ahmed Abdulkarim Ahmed**
Department of Political science, College of Political science,Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
ahmedarim7@gmail.com

***Keywords:*** *Syria crisis, Iran's Role, the national interest, foreign policy& new realism*

## Abstract

Starting from the new realistic foundations, the focus of this research is on the role of Iran in the Syrian crisis as it is a complex and a long-term issue, and the balance of international and regional forces had an effective role in its perpetuation and its continuity for a long time, as every state participating in the issue seeks to achieve its interests, and taking into consideration those conflicting interests cannot be achieved without The existence of some concessions between the conflicting parties, and accordingly all initiatives failed to resolve the issue. Iran, like other countries with interests in the issue, tried to maintain the balance of its power and authority in the region, and for a more accurate statement and understanding of Iran's role in the issue, the study relies on the new realist foundations, meaning the use of offensive realism to enhance its position in the Middle East and defensive realism to ward off danger from itself. This is based on soft and hard powers and economic and military means, as it has always tried to maintain its close relationship with the Lebanese Hezbollah, taking advantage of its proximity to the Israeli borders to use it to maintain the balance of power and strength in the region and reduce pressure and pressure on itself, in addition to establishing a defensive axis to serve its goals and interests. After the collapse of the Baathist regime in Iraq and the apocalypse of the Syrian crisis, it had good opportunities through which it could strengthen its position in the Middle East, which made it largely successful.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تحليل دور إيران في الأزمة السورية على أساس الواقعية الجديدة

**ملخص**
انطلاقا من الأسس الواقعية الجديدة نركز في هذا البحث على دور إيران في أزمة سوريا باعتبارها قضية معقدة وطويلة المدى، وكان لتوازن القوى الدولية والإقليمية دور فعال في الإدامة بها واستمراريتها لزمن طويل حيث كل الدولة المشاركة في القضية تسعى لتحقيق مصالها، ومراعاة تلكم المصالح المتعارضة لاتتحقق دون وجود تنازل عن بعضها بين الأطراف المتنازعة، وعليه باءت كل المبادرات بالفشل لحل القضية. إيران كباقي الدول ذات المصالح في القضية حاولت أن تحافظ على توازن قوتها وسلطتها في المنطقة، ولمزيد من البيان والفهم الدقيق لدور إيران في القضية استندنا إلى الأسس الواقعية الجديدة، بمعنى استخدام الواقعية الهجومية لتعزيز مكانتها في الشرق الأوسط و الواقعية الدفاعية لدفع الخطر عن نفسها معتمدة في ذلك على القوى الناعمة والصلبة و الوسائل الاقتصادية والعسكرية، كما حاولت دائما أن تحافظ على علاقتها الوطيدة مع حزب الله اللبناني مستغلة مجاورتها للحدود الإسرائيلية ليستخدمها للحفاظ على توازن السلطة والقوة في المنطقة وتخفيف الوطأة والضغوطات على نفسها، وذلك إضافة إلى إنشائها محورا دفاعيا لتخدم به أهدافها ومصالحها، وبعد انهيار النظام البعثي في العراق وتطلع الأزمة السورية سنحت لها فرصا جيدة لتتمكن من خلالها أن تعزز مكانتها في الشرق الأوسط ما جعلها موفقة في ذلك إلى حد كبير .